ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# بیرو باوەڕ و داب و نەریتی یەزیدیەکان ........ ڕزگار غەفور

یەزیدیەکان تیرەیەکن لە ئیسلام جیا بونەتەوە، لە ساڵی ١٣٢ کۆچی کاتێ دەوڵەتی ئەمەوی نامێنێ بزوتنەوەیەکی سیاسی سەرهەڵدەدات بە سەرکردایەتی یەکێک لە میرەکانیان بە ناوی "ئیبراهیمی کوڕی حەرب" لە نەوەکانی یەزید لە کوردستانی عێراق بە مەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی ئەمەویەکان، دوای ئەویش عەدی کوڕی موسافیر (یان شێخ هادی) لەوێ نیشتەجێ دەبێت.
لە سەدەی حەوتەمی کۆچی یەکێک لە گەورەکانیان (شمس الدین أبو محمد) کتێبێکی بە ناوی (الجلوة لاصحاب ألخلوة) ی نوسیوە، داوای بە پیرۆز ڕاگرتنی (یزید و عدی و إبلیس) ئەکات ناوەکانیان ئەخاتە ناو شایەتمان.



**بیروباوەڕیان:**

- (إبلیس) زۆر بە پیرۆز ئەزانن وە نابێ نەفرین (لەعنەتی) لێ بکرێت بە تاوسی فریشتان (طاووس الملائكة) ناوی ئەبەن چونکە سوژدەی بۆ غەیری خوا نەبردووە و لە بەهەشتیش دەرنەکراوە بەڵکو بە ئارزوی خۆی دابەزیوە (هەڵبت بە بۆچونی ئەوان) بۆسەر زەوی تاوەکو سەرپەرشتی یەزیدیەکان بکات. تاوسێکیشیان لە مس دروست کردووە و بە پیرۆزی ڕائەگرن، هەروەها چەند مەزارێکیشیان لە ناوچەی شێخان و حەسەکە هەیە.
- لە کتێبە پیرۆزەکانیان کتێبێکیان بەناوی (مەسحەفا ڕەش = مصحف ألأسود) گوایا بە کرمانجی نوسراوە لە ناو سندوقێک لە لای بابە شێخ پارێزراوە و هەرکاتێک بێتەدەر طاعون هەموو کەس قڕدەکا، (مەلا خلیل سلێمانی شێخانی)(١) ئەڵێ کتێبی مەسحفا ڕەش هەر نیە. نامیلکەی دوەمیان جەلوە بە عەرەبیە و چەند کەراماتێکی شێخ هادی تێدایە.
- ووشەی شەهادەتیان بەم شێوەیە (أشهد واحد الله، سلطان یزید حبیب الله)
- دەربارەی نوێژەکانیان دوو ڕای جیا هەیە، یەکەمیان ئەوەیە شەوی نیوەی شەعبان نوێژ ئەکەن لە بری نوێژی ساڵێک، ڕای دووەم ئەوەیە بەیانیان کە ڕۆژ هەڵهات سەیری هەڵهاتنی ڕۆژ بکەن و لەبن لێوەوە دوعا بکەن.
- ساڵی سێ ڕۆژ لەمانگی کانونی یەکەم کە جەژنی لەدایک بوونی یەزیدە بە ڕۆژو دەبن، بەڵام بابە شێخ ئەبێ دوو مانگ بەڕۆژو بێت، ئەگەر میوانیشی بێت ئەتوانێ بیشکێنێ و بە ڕۆژو بۆی حیسابە، بۆیە ماڵی بابە شێخ بە درێژایی ئەم دوو مانگە بەردەوام میوانی دێن بە بەرخەوە.
- قەواڵە پیاوی ئاینیین بەیت و باوی دینیان لەبەرە و پوڵ و ماڵات و سەرانە بۆ میر و پیاوانی ئاینی کۆدەکاتەوە و بەشی خۆیشی لێ هەڵدەگرێت، هەر ئەو مەلا خەلیلە نوسیویەتی کە بیست و حەوت جۆر سەرانە لە خەڵک وەرئەگرن.

ZAGROS WEBSITE

- حەشریش دوای مردن لە (گەلی لالەش) ئەبێ، لە چیای ژەنگار ئەو شیوو دۆڵەی خانەقای شێخ هادی لێ بووە. شێخ هادی گوایا محاسەبەی خەڵکی ئەکات و شوێن کەوتوانی خۆشی بۆ بەهەشت بەڕێ دەکات.
- تیرە و هۆزە جیاوازەکانیان ژن نادەن بە یەکتری، پیاویش بۆی هەیە تا شەش ژن بهێنێ، ژن هێنانیش بە ڕەدو کەوتنە، هەر کوڕ و کچێک دڵیان بچێتە یەکتر ئەچنە سەر چۆمی لالەش لەوێ پیاوێکی ئاینی ئەیانباتە ناو مەرقەد پەڕۆیەک لە ئاو هەڵئەکێشێ و لەسەریان ئەبەستێ و مارەیان دێ، ڕەدو کەوتن بۆ غەیری یەزیدی پیاو کوشتن و دوژمنداری لێدەکەوێتەوە.
- حەجیان بریتیە لە کۆبوونەوەی ئەو کیژ و لاو و ژن و پیاوانەی بۆ ماوەی سێ شەو خۆیان دەخەمڵێنن و جلی جوان لەبەر دەکەن لە سەر چیای عورفاتێ دەرەقسن تا ماندو دەبن و خەو بەلایاندا دەباتەوە.... لەگەڵ جەژنی قوربانی موسوڵمانان بەرامبەرە.
- ئاشگێڕێک ئاوی ڕەوان و سازگاریان لە لالەش هەیە ئەمەش ئاوی زەمزەمیانە، فەقیر شەمۆ ئەڵێ سەروچاوەی ئەم ئاوە ئاوی زەمزەمی موسوڵمانانە لە مەککە بۆیە ئەم ناوە ناونراوە.
- پلا سڵاتێ یا پردی سیراط، ئەو پردەیە لەسەر چۆمی لالەش دروست کراوە.

### داب و نەریتیان

ووشەی یەزیدی لە یەزیدی کوڕی معاویەوە هاتووە، ئەڵێن لەبەر خراپی یەزید موسوڵمانان ئەم ناوەیان بەسەردا بریون تا وای لێ هاتوە ئەوانیش بە خۆیان دەڵێن یەزیدی ئەگینا لەوانەیە ووشەی (ئێزدی واتە خودایی) ڕاستتر بێت. شێخ هادیش یا (عدی کوڕی مسافر) پیاوێکی سۆفی تەرکە دنیا بووە شوێنکەوتوانی چونکە سادەو نەخوێندەوار بوون بەم شێوەی ئێستایان لێ هاتووە، ئەوان ئەڵێن بەزەیی و غەزەبی خوا بەیەکەوە ناگونجێن تەنانەت نابێ (إیبلیس)یش پیاوی خراپ بێت.

- یەزیدی چوار تایەفەن (میر – پیر –شێخ – فەقیر) هیچیان ژن لە یەکتر ناخوازن، شیربابیان یەکجار زۆرە، پلەکانی پیاوە ئاینیەکانیان بەم شێوەیە:
- (میر) گەورەترین دەسڵاتی هەیە.
- (بابە شێخ) کارو باری ئاینی بەدەستەو سندوقی (مەسحەفا ڕەش)یش لای ئەوە، تەنها ئەویش ئەبێ ساڵانە دوو مانگ بەڕۆژوو بێ.
- (کۆچەک) ئینجا (فەقیر) دواییش (قەواڵە) جەلوە ئەخوێنێتەوە و باج وسەرانە کۆکردنەوەی لە ئەستۆدایە.
- (بابی چاوێش) یان هەیە بە پێچەوانەی هەموو پیاوی یەزیدی کە جلیان ڕەشە ئەم سەرتاپای سپیە – گوایە هەرامەی خۆشی بریوە – هەمیشە سێ ژنی تەرکە دنیا خزمەتی دەکەن، لەدوای میر و بابە شێخ لە هەموویان پلەی بەرزترە.
- مەرقەدی (شێخ هادی)ش لە گەلی لالەش بە ئاشکرا دیارە مزگەوت بووە و شوێنەواری میحرابی هەر ماوە، پەردەیەکی سوری کاڵ بووەوەی پێوەیە، گوایە ساڵی جارێک مەلیک طاووس لەدوایەوە لەگەڵ بابە شێخ قسە دەکات، کەس بۆی نیە ئەم پەردەیە لا بدات، هەژار ئەڵێ ڕێگەی منیشیان نەدا دوایی بە دزیەوە لامدا تەنها کورسیەکی کۆنی لێ بوو هیچی تر.
- پیاوی بەدین نابێ قەت موێک لە لەشی خۆی بقرتێنی، نابێ نینۆک بکا، نابێ تارەت بگرێ، یا دەم و چاوی بشوا، نابێ کەس تف ڕۆکا و ووشەی شەیتان کوفرە، میر لەمانە ئازادە، ژنیان کراسیان سپیەو قەت خۆ ناشۆن، کاهوو نابێت ناوی بێنن، ڕەنگی شین حەرامە لەگەڵ خواردنی هەندێ سەوزە و گۆشتی مریشک و مامز و بەراز، هەروەها خوێندن و نوسینیش حەرامە، ئەوانەی

ئەمڕۆ ئەمانە ناکەن ئەوا (فاسق)ن و لە دین لایانداوە. خواردنەوەی عارەق لەناو پیاوانیان زۆر عادەتە.

- جلی ئاغاو دەوڵەمەندەکانیان عارەبیە و عەگال و چەفیەیان لەسەرە خەڵکی سادەیان جلی کوردی و ڕانک و چۆغەیە. ناوی یەزید و معاویە و عومەر وحەسەن و عەلی و حەسۆیان زۆرە هەر موحەممەدیان نیە.

هەژار چەند قسەیەکی خۆشیان لێ ئەگێڕێتەوە لەوانە:

- یەزیدیەکان لایان وایە قەبری شێخ هادی لە عەرزەوە چوەتە سەر ئەستێرەی (زوهرە). قەبری شێخ ئەبولقاسم و شێخ شەرەفەددین (کە دوو پیاوی موقەددەسیانن) چۆتە سەر مانگ. ڕۆژێ کە سۆڤیەت کەشتی ئاسمانی خۆیان نارده سەر مانگ، لە مەجلیسی دیوەخانی (تربەسپی) باسی دەکرا، عەمەری خێلتکی کە یەزیدیەک بوو ووتی: خودێ ئۆلا مە چوا! (دینمان نەما) ووتیان: بۆچی عەمەر؟ ووتی: چۆن ئەگەر ئەوانە بچنە سەر مانگ دەچن لەسەر قەبری ئەبولقاسم دەمیزن.
- خواردنەوەی ئارەق لەناو پیاوانیاندا زۆر عادەتە، شێخ ناسرێکیان لە جەزیرە هەبوو هەمیشە مەست و هەمیشە بوتڵە لە باخەڵدا بوو پیاوی ئاینیش بوو، ڕۆژێک لەدەم کانی نوستبوو، مار پێوەی دابوو، مارەکە ڕەق هەڵاتنوو (تۆپی بوو)، شێخ ناسر بە خەبەر نەهاتبوو، ووتی هەژار ئەوە جەددی من مارەکەی کوشت!

هەژاریش دەڵێت: بەڵێ یاشیخ ئەو جەددەت کە لە باخەڵتدایە! خوێنت بووەتە ژەهرا!

(١) مەلا خەلیل سلێمان شێخانی: (٤٠- ٥٠) ساڵ جیرانی بابەشێخ بووە و کتێبێکی لە سەر یەزیدیەکان نووسیوە، هەژار دەڵێ لام وایە ڕاستترین شتە لەسەر یەزیدیەکان نوسرابێ.

سەرچاوەکان:١- چێشتی مجێور، لامۆستا هەژار ل٤١٢ – ٤٢١

٢- أضواء حول تيارات معاصرة د. بسام، د. فاطمة ماردينى ل ٩١-٩٣

ZAGROS WEBSITE